# پەیکەری ژن لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە تا هەزارەی پێنجەمی پێش زاین لە کوردستانی کۆن نموونەی هەڵبژێردراو

**م.ی جزا شۆڕش حمەشریف**
بەشی شوێنەوار، زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی
jaza.hamasharif@univsul.edu.iq
**م.عثمان تۆفیق فتاح**
بەشی شوێنەوار، زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی
othman.tawfeeq@univsul.edu.iq

**پوختە**
هەرچەندە ژن ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیەوە، بەڵام لەچاخی بەردینی ناوەڕاست ڕۆڵیان بەتەواوەتی دەرکەوت بەتایبەت کە هاوشانی پیاوان ڕاویان کردوە و خواردنیان ئامادەکردوە لەگەڵ ئەوانەشدا ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانی لەئەستۆ بووە. لەچاخی بەردینی نوێ ڕۆڵی ژنان زیاتر دەرکەوت پاش ئەوەی بڕوا وابوو کە ژن سەرچاوەی زۆربوونە هەر ئەمەش وایلێکردن کە بیر لەوە بکەنەوە بۆ زیادبوونی بەرهەمەکانیان پێویستە پەیکەر لەسەر شێوەی ژن دروستبکەن و قوربانی بۆ بکەن.
ئەم توێژینەوەیە گرنگی ئەدات بە شێوەی ئەو پەیکەرانەی بۆ ژن دروستکراون لە کوردستانی کۆندا، باس لە گۆڕانکاریەکان ئەکات کە بە پێی سەردەمەکان بەسەر پەیکەرەکاندا هاتوون. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ ئەدات باس لەو هێمایانە بکات کە پەیوەستن بە ژنەو لەسنوری مێژوویی توێژینەوەکەدا.
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پەیکەری ژن لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە تا هەزارەی پێنجەمی پێش زاین لە کوردستانی کۆن نموونەی هەڵبژێردارو) . لە دەروازەیەک و دوو تەوەر پێکهاتووە. لەدەروازەکەدا کورتەیەکی مێژوویی لەسەر سەرەتای دەرکەوتنی هونەر لە جیهان بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی دەکەین. تەوەری یەکەم، باس لە چۆنیەتی لەدەرکەوتنی پەیکەری ژن ئەکات لە کوردستان لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە تا هەزارەی هەشتەم. تەوەری دووەم ،تایبەتە بەو پەیکەرانەی لە هەزارەی حەوتەم بۆ هەزارەی پێنجەم دەرکەوتوون.

**Abstract**
Although women have played an influential role since the beginning of human history, but their role became fully apparent in the Middle Stone Age, especially when they hunted and prepared food alongside men, while raising children. In the Neolithic, the role of women became more apparent after it was believed that women were the source of reproduction, which led them to think that to increase their productivity, they should make statues in the shape of women and sacrifice to them.
This study focuses on the shape of the sculptures made for women in ancient Kurdistan and discusses the changes that have occurred in the sculptures over time. This study also attempts to discuss the symbols associated with women within the historical scope of the study.
This research is entitled (Women's sculptures from the beginning of their appearance to the fifth millennium BC in ancient Kurdistan and selected examples). It consists of a gateway and two threads. In the gateway, we will give a historical brief on the beginning of the emergence of art in the world in general and in Kurdistan in particular. The first topic deals with the appearance of women's sculptures in Kurdistan from the beginning to the eighth millennium. The second topic is about the sculptures that appeared from the seventh to the fifth millennium.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بەشـێوەیەکی گشـتی ئەم توێژینەوە پشـت ئەبەسـتێت بە ئەنجامی ئەو هەڵکۆڵینە شـوێنەواریانەی کە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی گەورە ئەنجامدراوە.

**گرفتەکانی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەییە پشـتی بەسـتووە بە ڕاپۆرتی تیمەکانی هەڵکۆڵین لە ناوچە جیاجیاکانی کوردسـتان هەڵکۆڵینیان ئەنجام داوە، دەسـتگەیشـتن بەم ڕاپۆرتانە کارێکی تاڕادەیەک گرانە بە هۆی پاراسـتنی مافی خاوەنداریەتی ڕاپۆرتەکان یان درەنگ بڵاوبوونەوەیان وایکرد دەسـتمان نەگات بە بەشـیک لەو دۆزینەوە نوێیانەی بەدەسـتهاتوون، لەگەڵ ئەوەشـدا توانیمان چەندین سەرچاوەی بەنرخ بەدەستبهێنین ئەم توێژینەوەیە بگەیەنینە ئەنجام.

میتۆدی شیکردنەوەی هونەری بۆ ئەو پەیکەرانە کراوە کەلەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ڕوونکرنەوەی ئەو مەبەسـتانەیە کە پەکەرەکانی بۆ دروسـتکراوە لە ڕێی شـێوازی دروسـتکردنی پەیکەرەکانەوە ئەو مەبەستە ڕوون دەبێتەوە کە پەیکەرەکەی بۆ دروستکراوە.

دەروازە

شـوێنەوارناسـان پێیان وایە کە سـەرەتای دەرکەوتنی هونەر دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاسـتی چاخی بەردینی کۆن، مرۆڤەکان ئەشکەوتەکانیان بەکارئەهێنا بۆ خۆپاراستن لە سەرما و ئاژەڵە دڕندەکان (ئەمین، ٢٠٠٢، ل.٧)، لەو سەردەمەدا مرۆڤ هونەری پەیکەرتاشـی نەزانیوە، لەگەڵ ئەوەی مرۆڤەکان توانیان چەندین وێنە لەسـەر دیوای ناو ئەشـکەوتەکان بکێشـن بەڵام ئەم وێنانە زۆرینەیان وێنەی ئاژەڵەکان بوون یان دیمەنی ڕاوکردنی ئاژەڵەکان بووە، ئەم جۆرە وێنانە لە ئەشکەوتەکانی ئالتمیرا لە هەکاری و بالانو لە ئەدیامان لە کوردسـتانی باکور دۆزراوەتەوە دیمەنی ڕاوکردنی ئاژەڵەکان پشـان ئەدات لە لایەن مرۆڤەکانەوە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی چاخی بەردینی کۆن (احمد، ٢٠٠٥، ص٥٧٨) ،

مرۆڤەکان لە کوردوستاندا لە هەزارەی یانزەیەمی پێش زاین دەستیان کرد بەماڵیکردنی ئاژەڵ و نشینگەی کاتیان لە نزیک ڕوبارەکان دروستکرد، زاوی چەمی نزیک ئەشکەوتی شانەدەر یەکێکە لەو نشینگە کاتیانەی کە لە لایەن مرۆڤەکانی ئەشکەوتی شانەدەرەوە لە وەرزە گەرمەکاندا بەکارهاتووە(Agelarakis, 2021, p.12)، لەکۆتایی چاخی بەردینی ناوەڕاست و سـەرەتای چاخی بەردینی نوێ بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی لە کەش و هەوادا ڕوویانداو پلەکانی گەرما کەمێک بەرز بوونەوە بەتایبەتی لە وەرزی بەهار و هاویندا ئەمەش وایکرد مرۆڤەکان لەو دوو وەرزەدا ئەشکەوتەکان بەجێ بهێڵن و لە قەراغی جۆگەو ڕوبارەکان نیشتەجێ بن و هونەرێکی نوێیان داهێنا کە بریتیە لە وێنەی سەر تاشە بەرد(Rock art) خۆشبەختانە ئەم جۆرە هونەوە لە زۆر ناوچەی کوردسـتان دۆزراوەتەوە لەوانە لە گوندی ئەحمەد برندە لە باشـوری ڕۆژهەڵاتی شـاری سـلێمانی (١٥٠٠٠-١٠٠٠٠) پ.ز (زاموا، ٢٠٠٨، ل.٦٤) ، دوای ئەوەی مرۆڤ لە چاخی بەردینی نوێ بەشـێوەیەکی یەکجاری نیشـتەجی بوو لەو کاتەوە هونەری پەیکەرتاشی لە چەندین ناوچە دەرکەوەت وەک گوبەکلی تەپەو نیڤالی چۆری هتد... بەم شێوەیە لە ناو ئەو پەیکەرانەی کە دروستکران ژمارەیەکی زۆر پەیکەری ژن هەیە.


**تەوەری یەکەم/ دەرکەوتنی پەیکەری ژن لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە تا هەزارەی هەشتەم**

سـەرەتای دەرکەوتنی پەیکەری ژن دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسـازی (B) کۆنترین پەیکەرەکانی ئەم سەردەمە لە ناوچەکانی کوردستانی باکور دۆزراوەتەوە ئەمەش وامان لێدەکات بگەینە ئەو ئەنجامەی کە چاخی بەردینی نوێ لەم ناوچانەوە دەسـتی پێکردووە(درویش، ٢٠١٥، ص٥٩)، لە گوندی کیلیسـیک لە نزیک ئەدیامان لە دوری ٨٥کم لە باکوری نیڤـاری چۆری لە سـاڵی ١٩٦٥ز پەیکەری ژنێـک لە لایەن جوتیـاریکەوە دۆزراوەتەوە، ئەم پەیکەرە لە بەردی جیری دروسـتکراوە(وێنەی ژمارە.١) (Hauptmann, 2012, p.18) بەرزیەکەی (٨٠سـم)، پانیەکەی (٢٩) سـم ، ئەسـتوریەکەی (٩،٦)سـم، بەشـی خوارەوەی شـکاوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (PPN.B) (Ozkaya and San, 2007, p.81,276)، پەیکەرەکە لە شێوەی پیتی (T) ئینگلیزیدایە، سەرو لاشـەی بە شێوەی ڕووبەڕوو لە لاباریکی پەیکەرەکە دروستکراوە، دەم و چاوی ڕوون نیە لوتێکی درێژی هەیە ، شـانەکانی ڕاسـتەوخۆ لکاوە بەسـەریەوە واتە ملی نیە، لە لاپانیەکەی پەیکەرەوە دروستکراوە، دەستەکانی بەشێوەیەکی درێژ لە لاباریکی پەیکەرەکە دروستکراوون هاتوون بۆ بەشی پێشەوەی پەیکەرەکە، بە



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

دەستەکانی سەری منداڵێکی بچوکی گرتووە، ئەم منداڵە بە شێوەی ڕووبەڕوو لە لاپانی پەیکەرەکە دروستکراوە، دوو باڵی درێژی هەیە درێژبۆتەوە بۆ بەشی خوارەی لاشەکەی، لە خوار ئەم پەیکەری منداڵەوە لە شوێنی ئەندامی مێینە کونێکی گەورە هەیە، پێدەچیت ئەم کونە بەکارهێندرابێت بۆ جێگیرکردنی پەیکەرەکە لە شوێنێکدا، کەسە بچوکەکە منداڵێکە لە سکی دایکیدا و لە ڕێگەی ئەو کونە گەورەی کە لە شوێنی ئەندامی مێینەیە دێتە دنیاوە، ئەم پەیکەرە پەیوەندی بە چۆنیەتی زیادبوونی مرۆڤەکانەوە هەیە، هاوپتمان پێی وایە ئەم پەیکەرە بەشێک بووە لە بناغەی بینایەکی ئاینی، ڤیرهۆڤن وای بۆ ئەچێت کە لە ڕێوڕەسمێکی ئاینیدا ئامڕازێکیان کردووە بەناو ئەو کونەدا هاوشێوەی ئەندامی نێرینە، ئەم پەیکەرە وەک هێمایەکی گرنگ بەکارهاتووە پەیوەندی بە پیت و فەڕەوە هەبووە لەبەر ئەوەی لە چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازی گرنگیەکی زۆر دراوە بە ڕێوڕەسمە ئاینیەکانی تایبەت بە پیت (الخصوبة) (درويش، ٢٠١٥، ص٥٩، ٦٠)، (Hodder و Meskell) پێیان وایە کە ئەم پەیکەرە بونەوەرێکی تایبەتە دووڕەگەزە و توانای گۆڕینی ڕەگەزی خۆی هەیە لە مێینەوە بۆ نێرینە. ( Hodder and Meskell, 2011, p.238) بە بۆچونی ئێمە ئەم پەیکەرە دیمەنی منداڵ پشان ئەدات لە سکی دایکیدا دواتر لەڕێگەی ئەو کونەوە کە ئاماژەیە بۆ ئەندامی مێیە دێتە دنیاوە، هەروەها ئاماژەیە بۆ زۆربوون و پیت.



وێنەی (١)
پەیکەری ژن لەکوردستانی باکوور (کیلیسیک)
(Hauptmann,2012,ab.9.b.d,ab.10.b.d)

پەیکەرێکی تری ئەم سەردەمە لەنیڤالی چۆری (Nivali Çori) لە باکوری گۆبەکلی تەپە (Göbekli Tepe) لە پارێزگای ئورفا لە کوردستانی باکور دۆزراوەتەوە(Schmidt, 2010, p. 239)، ئەڵمانیەکان بە سەرپەرشتی هاوپتمان هەڵکۆڵینی شوێنەواریان لە نیڤالی چۆری ئەنجامدا و بینایەکی بەردینی شێوە چوارگۆشەییان دۆزییەوە لەناو ئەم بینایەدا ژمارەیەک پەیکەر دۆزراوەتەوە، یەکێک لەو پەیکەرانەی لە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی بینای تێرازۆ دۆزراوەتەوە پەیکەرێکە لە لە بەردی کلسی دروستکراوە لە شێوەی باڵندەیەکدایە سەری نەماوە،

(hauptmann and Schmidt,2007,p.67) (وێنەی ژمارە ٢)، لەسەر سەری دوو ژن نیشتۆتەوە، باڵەکانی بە شێوەی هێڵی ڕیک دروستکراوە، ژنەکان پشتیان لە یەکتریە بە شێوەیەک دروستکراون وەک ئەوەی لەکاتی منداڵبوندا بن، دەم وچاوی ژنەکان بە شێوەیەکی خڕ دروستکراووە قژیان لە شێوەی تۆڕدایە و درێژە و گەیشتۆتە سەر پشتیان، چاوەکانیان بە شێوەی کون دروستکراوە وەک چاوی باڵندە ئەمەیش یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی چاخی بەردینی نوێ (درويش،٢٠١٥ ، ص٦٢، ٦٣)، ئەم پەیکەرە شکاوە چوار بەشی دۆزراوەتەوە پێکەوە ڕێکخراوەتەوە وەک ستونێک دەرئەکەوێت (Schmidt,2010, p.248)، بەشی خوارەوەی پەیکەرەکە دیار نیە لەبەر ئەوە نازانین بەرزی تەواوەتی چەندە و شێوەی بەشی خوارەوەی چۆنە، ئیلین ستین (Eilenstein) پێی وایە ئەم دوو ژنە بە پێی بیروباوەڕی چاخی بەردینی نوێ ئاماژەن بۆ جیهانی زیندووان و



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

مردووان(درویش،٢٠١٥ ، ص٦٢، ٦٣)، مێژووی ئەم پەیکەرە دەگەڕێتەوە بۆ چـاخی بەردینی نوێ پێش گڵێنەســـــازی (B)(P.P.N.B) بۆ دەوروبەری (٨٥٠٠-٧٩٠٠)پ.ز (Hauptmann and Schmidt, 2007, p.289).



وێنەی (٢)

پەیکەری ژن لەکوردستانی باکوور (نیڤالی چۆری)

(Hauptmann and Schmidt, 2007, p.67, 68)

یەکێکی تر لەو پەیکەرانەی لە بینای (Terrazzogebäude) لە نیڤالی چۆری دۆزراوەتەوە پەیکەری ســـەری ژنێکە، لە ڕاستیدا لەوانەیە بەشی سەرەوەی (تاجی ستون) بێت، قژی بەشێوەی هێڵ دروستکراوە بە هێڵێکیش ناوچاوان و قژی لەیەکتری جیاکراوەتەوە، بەشـێکی دەم و چاوی دیارە کە پێکهاتووە لە یەک ڕومەتی کە بەشـێوەیەکی بازنەیی دروسـتکراوە، یەک چاوی دیارە کە لە شێوەی چاوی باڵندەدایە و برۆ و پێڵو برژانگەکانی بەڕوونی دیارن(درویش،٢٠١٥ ، ص٦٣) (وێنەی ژمارە ٣)، بە پێی ئەو باسەی کە هاوپێتمان کردویەتی لە سەر سەری ئەم ژنە باڵندەیەک هەیە کە سەری دیارنیە، نینۆکەکانی چەقاندووە بە ناو ڕومەتی ژنەکەدا (Schmidt and Hauptmann, 2007,p. 68) لە ڕاستیدا ئەوەی کە دیارە تەنها سەری ژنەکە و لایەکی دەم و چاویەتی، بەڵام گومانی تیادا نیە کە ئەم پەیکەرە بەشێک بووە لە ستونێک کە لە چەند پەیکەرێک پێک هاتووە لە سەرەوە و خوارەوەی ئەم پەیکەرە پەیکەری تر هەبووە، مێژووی ئەم پەیکەرە دەگەڕێتەوە بۆ چـاخی بەردینی نوێ پێش گڵێنەســـــازی (B)(P.P.N.B) بۆ دەوروبەری (٨٥٠٠-٧٩٠٠)پ.ز (katalog, 2007, p.288)



وێنەی (٣)

پەیکەری ژن لەکوردستانی باکوور (نیڤالی چۆری)

(Hauptmann and Schmidt, 2007, p. 68)

گردی مریبط لە دووری (٨٩)کم ڕۆژهەڵاتی حەلەب لە لای چەپی کەناری ڕوباری فرات دەرکەوت، مێژووی ئەم گردە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی نێوان (١٠٠٠٠-٩٤٠٠)پ.ز (کوفان و ستوردور، ٢٠١٦، ص ٣٧) لە چینی ( A.III) ژمارەیەک پەیکەر دۆزراوەتەوە بەشێوەیەکی زۆر سادە دروستکراون. (کوڤان، ١٩٩٩، ص٥٣) (وێنەی ژمارە ٤)، یەکێک لە پەیکەرەکان بریتییە لە پەیکەری ژنێکی بێ پۆشاک کە بە خواوەندی دایک ناسراوە، لەبەردی کلسی دروستکراوە بەرزیەکەی (٩.٥)سم ، بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی دروستکراوە، بەشی سەرەوەی لاشەی کەمێک بۆ دواوەیە سەری ڕاستەوخۆ لکاوە بەلاشەیەوە واتە ملی نیە، بە دەستەکانی مەمکەکانی گرتووە ، ئەم پەیکەرە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازی ب (PPN.B)، (٨٠٠٠-٧٦٠٠)پ.ز (Hansen, 2007, p.192)، ئەم پەیکەرە لەگەڵ ئەوەی سەروو مل و شانەکانی ڕوون نیە بەڵام ئەندامەکانی مێینەی زۆر بە ڕوونی تیادا دەرکەوتووە بە جوانی دیارن، ئەمەش ئەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم پەیکەرە بۆ مەبەستی جوانی و وەک کارئەکتەرێکی سێکسی بەکارهاتووە.



وێنەی (٤)
پەیکەری ژن لە کوردوستانی ڕۆژئاوا (مریبط)
(Hansen, 2007, p.192)

گردی فخرییە یەکێکی ترە لەو گردانەی کە پەیکەری ژنی تیادا دۆزراوەتەوە، ئەم گردە دەکەوێتە باکوری سەری کانی (رآس العین) لە کوردستانی ڕۆژئاوا بە دوری (٣)کم ڕۆژهەڵاتی گردی حەلەف، ئەمریکیەکان لە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی گردەکە چاڵێکیان دیاریکرد بە ژمارە(IX)، دوای فراوانکردنی ئەم چاڵە بە ئاراستەی باکور بە پێوانەی (١٢×٣)م لە ژێر چینەکانی سەردەمی ئاسنەوە پاشماوەی دیوارێک دۆزرایەوە بناغەیەکی بەردینی هەبوو، لە نزیک ئەم دیوارە بە ئاراستەی باشور دوو پەیکەری هاوشێوە دۆزراوەتەوە (درویش، ٢٠١٤،ص٣، ١٠)، لە بەردی هاوشێوەی بەردی ڕوخام دروستکراون ، یەکێکیان پەیکەری ژنێکە بەرزیەکەی(٣٠)سم، پەیکەرەکە بێ پۆشاکە (وێنەی ژمارە ٥)، بەڕەنگی سور بۆیەکراوە، سەری بە قیر داپۆشراوە پێدەچێت ڕوپۆشێکی بەسەرەوە بووبێت وەک قژ یان سەرپۆشێک، گوێچکەکانی بەشێوەی دوو خەپلەی تەخت دروستکراوە و لکاوە بەملاو ئەولای سەرییەوە، سەرو دەم چاوی بە جوانی دروستکراوە، چاو و برۆی بەجوانی بۆ کراوە لە کونی چاوەکانیدا بەردی سەوز هەبووە، بەڵام کەوتووە لە نزیک پەیکەرەکە دۆزراوەتەوە، لوتێکی درێژ و دیاری هەیە، لوت و ناوچاوانی هاوشێوەی پیتی (T) ئینگلیزییە، دەمی لە شێوەی لاکێشەدایە، چەناگەی هەیە، ملێکی مامناوەندی هەیە، بەهۆی ئەوەی دەستەکانی گرتووە بە سنگیەوە مەمکەکانی بەرزبۆتەوە، جوڵەیەک دروستبووە لە شانەکانیدا و شانەکانی بەرزبۆتەوە بە گۆشەی (٩٠°)، سکی بە جوانی دروستکراوە و کونی ناوکی بۆ کراوە، ڕانەکانی پانترین شوێنی لاشەیەتی (١١.٢)سم بە جوانی دروستکراوە، پێیەکانی بە جوانی دروستکراوە پاشماوەی بۆیەوقیر بەسەر پاژنەکانیەوە هەیە، مۆرتگارت پێی وایە پێڵاوی لە پێدا بووە بەڵام نەماوە (Müller-Neuhof, 2007,p37, 38) لەسەرەتادا ئەمریکیەکان مێژووی ئەم پەیکەرەیان بە سەدەی(١٣-١٠)پ.ز دیاری کرد بەڵام بە پێی توێژینەوە نوێیەکان مێژووەکی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازی ب (PPN.B)، بەبۆچوونی ئێمە ئەم پەیکەوە بۆ مەبەستی سێکسی دروستکراوە ئەمەش زۆر بەڕوونی لە شێوازی وەستان و دروستکردنی پەیکەرەکە بەدەردەکەوێت، هیچ تایبەتمەندیەکی خواوەندی دایکی تێدا نیە.




وێنەی (٥)
پەیكەری ژن لە كوردوستانی ڕۆژئاوا (گردی فخیریە) بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازی ب
(درویش، ٢٠١٥، شكل٦٨)

**تەوەری دووەم دەركەتنی پەیكەری ژن لە هەزارەی حەوتەم بۆ هەزارەی پێنجەم**

هەزارەی حەوتەمی پێش زاین بە قۆناغێكی گرنگی مێژووی كوردستان و ناوچەكە دادەنرێت لەم سەردەمە مرۆڤ توانی كشتوكاڵ بەرهەم بهێنێت، گوندی چەرمو لە دوری ١١ كم ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵ بە یەكێك لە كۆنترین گوندە كشتوكاڵیەكان دادەنرێت لە ناوچەكەدا (عبدالرقیب، ٢٠٠٤، ص٢٣٧)، لە گوندی چەرمۆ ژمارەیەكی زۆر بوكەڵەی گڵێنەیی دۆزرانەوە لە ناویاندا ژمارەیەك پەیكەری ژن هەبوو كە بەشێوەیەكی زۆر پێشكەوتوو جوان دروستكرابوون، ئەم پەیكەرانە بە خواوەندی دایك ناسراون و هێمان بۆ پیت و فەڕ (الخصوبة) (الجادر، ١٩٨٥، ص.٨)، ژمارەیەكی زۆر پەیكەری گڵێنەیی لە گوندی چەرمۆ دۆزراونەتەوە كە وەك سەرەتای دروست بوونی بیروباوەڕی ئاینی سەیر دەكرێت بەشێكی ئەم پەیكەرانە پەیكەری ژنن كە بە شێوەی بێ پۆشاك دروستكراون (محمد، ١٩٩٩ ،ص١٧٣)، بە شێوەیەكی گشتی ئەم پەیكەرانە لاشەو قاچیان بەشێوەی ئەستور و هەڵئاوساو دروسكراوە بە قنچكە یان چیچكانەوە دانیشتوون( وضعیة القرفصائیة)(علی، ١٩٧٧، ص٤٠)، زۆرینەی پەیكەرەكان بە شێوەیەكی قەڵەو یان لە حاڵەتی دووگیانی دروستكراون ، هەندێك لە پەیكەرەكان بە شێوەی بەش بەش دروستكراون و پارچە ئێسكێك یان دارێكیان داناوە دواتر بەشەجیاوازەكانی پەیكەرەكەیان پێوە لكاندووە ، لاشەی پەیكەرەكان تاڕاددەیەك شێوەیەكی قوچەكییان هەیە، قاچەكانیان بە شێوەی سێگۆشەیی بە قەڵەوی دروستكردووە كە ئەژنۆكانیان بۆ سەرەوەیە، ورگ و پشتیان بەسەر قاچەكانیاندا شۆڕبۆتەوە.(Morales, 1983, p378)

لە ڕووی هونەریەوە هەندێك لە پەیكەرەكان بە شێوەیەكی جوان و بە دیقەتێكی ورد دروستكراون لەوانە پەیكەری ژمارە (٦) پێكهاتووە لە بوكەڵەیەكی گڵێنەیی بێ پۆشاك لە دۆخی دانیشتندایە، سەری بەشێوەیەكی باریك و كەمێك چەماوە بۆ پشتەوە دروستكراوە، قژێكی خاوی هەیە لەلای ڕاستی سەریەوە شۆڕبۆتەوە بۆ سەرشانی، چاوەكان و دەمی بەشێوەی كون دروستكراوون بەڵام و لوت و چەناگەی ڕوون نیە، ملێكی كورتی هەیە، شانەكانی بە جوانی دروستكراوون دەستەكانی خستۆتە سەریەك و لە بەینی سك و سنگی داناوە، سنگی(مەمكەكان) ی بە شێوەی دیار دروستكراوە، سكی بە هۆی قەڵەوی یان دوگیانی شۆڕ بۆتەوە بۆ سەر ڕانەكانی، ناوكیشی بۆ كراوە، ڕان و قاچی بە شێوەیەكی قەڵەو هەڵئاوسا و دروستكراوە ئەژنۆكانی كەمیك نوشتاوەتەوە، پێیەكانی شكاوە ڕانەكانی بەجیا لە لاشەكەی دروستكراوە و دواتر لكێندراوە بە لاشەكەیەوە، پشت و سمتی بە قەڵەوی و هەڵئاوسا و دروستكراوە بەرە و دەرەوە دەرچووە.



وێنەی (٦)
پەیكەری گڵێنەیی خواوەندی دایك لە كوردستانی باشور، سەردەمی چەرمو ( چەرمو)
(Morales,1983, fig.157.1.a-c)

یەكێكی تر لەو پەیكەرانەی لە چەرمۆ دۆزراوەتەوە پەیكەری ژمارە (٧) بریتیە لە ژنێكی بێ پۆشاكە لە گڵێنە دروستكراوە ودانیشتووە ، سەری بە شێوەیەكی جوان دروستكراوە كەمێك بۆ پشتەوەیە، قژێكی خاوی بۆ كراوە بەسەر شانەكانیدا شۆڕبۆتەوە و دەم و چاوی بەجوانی دروستكراوە شێوەیەكی تاڕادەیەك چوارگۆشەیی هەیە، ناوچەوانی بەڕوونی دیارە و لە قژی جیاكراوەتەوە، دوو پارچە گڵێنەی خەپلەیی لە شـوێنی چاوەكانی دانراوە بە شـێوەی (باربوتین)، لوت ودەمی دیارنیە، ملێكی كورتی هەیە، شان و دەستەكانی بە شێوەیەكی ئاسایی دروستكراوە دەستەكانی بەرە و خوارەوە درێژ بۆتەوە بۆ سەر ڕانەكانی، سنگی(مەمكەكان) ی بە شێوەیەكی دیار و ئاسایی دروستكراوە، سكی زۆر ڕوون نیە بەهۆی ئەوەی ڕانەكانی زۆر بە قەڵەوی و هەڵئاوساوی دروستكراوە قاچێكیانی لە سەروی ئەژنۆیەوە شكاوە، قاچەكەی تریشی پێیەكانی شكاوە.



وێنەی (٧)
پەیكەری گڵێنەیی خواوەندی دایك لە كوردستانی باشور، سەردەمی چەرمو ( چەرمو)
(Morales,1983, fig.157.4)

پەیكەرێكی دیكەی ژن لە چەرمو دۆزراوەتەوە تاڕادەیەك جیاوازە لەو دوو پەیكەرەی پێشوو، پەیكەری ژمارە (٨) ئەم پەیكەرە بە هەمان شێوە لە گڵێنە دروستكراوە بێ پۆشاكە، دانیشتووە، سەری بە شێوەیەكی ئاسایی دروستكراوە قژی بە شێوەیەك ڕێكخستووە لە سەرەوە بەستوویەتی كە وەك كڵاوێك دەردەكەوێت، دووپارچە گڵێنەی هێلكەییان داناوە لە جێی چاوەكانی بە شێوەی باربوتیین، دەم و لوت و چەناگەی بۆنەكراوە بەجۆرێك دەم و چاو و مل و سنگی پێكەوەیە، شانەكانی و دەستەكانی بە جوانی دیارە سنگی (مەمكەكان)ی بە شێوەیەكی ئاسایی دروستكراوە و دەستەكانی بردووە بۆ ژێر سنگی و دەستەكانی لەسەریەكتردناوە، ورگێكی گەورەی هەیە وەك ئەوەی دووگیان بێت، ناوكیشی بۆ كراوە بەشی خوارەوەی پەیكەرەكە شكاوە.



وێنەی (٨)
پەیکەری گڵێنەیی خواوەندی دایک لە کوردستانی باشور، سەردەمی چەرمو ( چەرمو)
(Morales,1983, fig.157.5-c)

پەیکەرێکی تری هاوشێوەی پەیکەری ژمارە (٨) دۆزراوەتەوە لە چەرمو، پەیکەرەکە لە گڵێنە دروستکراوە، بێ پۆشاکە، دانیشتووە، سەر و دەم و چاوی بە شێوەیەکی جوان دروستکراوە ژمارە (٩)، قژی کۆکردۆتەوە لە سەر سەری بەستویەتی کە وەک کڵاوێک دەردەکەێت، دەم و چاوی بە شێوەیەکی جوان دروستکراوە ناوچەوانی بە وردی لە قژی جیاکراوەتەوە، دوو پارچە گڵێنەی هێلکەییان لە جێی چاوەکانی داناوە بە شێوەی باربوتیین لکێنراوە پێوەی، لوتی بە شێوەیەکی دیار بە جوانی دروستکراوە دەم و چەناگەی بۆ کراوە ملێکی کورتی هەیە، شانەکان و دەستەکانی بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ کراوە هەردوو دەستی خستۆتە ئەملا و ئەولای سکی، سنگی (مەمکەکان)ی بە شێوەیەکی زۆر گەورە درستکراوە بە شێوەیەک شۆڕبۆتەوە بۆ سەر سکی، بە هەمان شێوە سکیشی گەورەیە و هەڵئاوساوە وەک ئەوەی دووگیان بێت، ناوکیشی دیارە بە کونێکی گەورە ئاماژەی بۆ کراوە، بەشی خوارەی ئەم پەیکەرە شکاوە.



وێنەی (٩)
پەیکەری گڵێنەیی خواوەندی دایک لە کوردستانی باشور، سەردەمی چەرمو ( چەرمو)
(Morales,1983, fig.158.3.a )

پەیکەرێکی تری هاوشێوەی پەیکەری ژمارە (9)هەیە جیاوازیەکی کەمیان هەیە، ئەم پەیکەرە ژمارە (10) بەهەمان شێوە لە گڵێنە دروستکراوە ، بێ پۆشاکە، دانیشتووە، قژی لە سەر سەری بەستووە وەک کڵاو (فێسی) ژنانی کورد دەرئەکەوێت و بەشێکی قژی درێژبۆتەوە بۆسەر شانی، چاوەکانی هاوشێوەی پەیکەرەکەی پێشووە بەڵام دەمی کراوەتەوە وەک ئەوەی هاواری کردبێت، لوتی نیە سەری تۆزێک بەرزکردۆتەوە، ملێکی ئەستوری هەیە شانەکان و دەستەکانی بە شێوەیەکی ئاسایی دروستکراوە دەستەکانی بردووە بۆ نێوان سنگ و سکی و دەستی خستۆتە سەریەک، سنگی (مەمکەکان) ی بە قەبارەیەکی بچوک دروستکراوە، سکی بە شێوەیەکی گەورە دروستکراوە شۆڕبۆتەوە بەسەر ڕانەکانیدا بە شێوەیەک کە ناوکی دیار نەماوە وەک ئەوەی دوگیان بێت. ڕانەکانی بەشێوەیەکی زۆر ئەستور و هەڵئاوسا و دروستکراوە بەڵام قاچ و پێیەکانی باریکە.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034



وێنەی (١٠)
پەیکەری گڵێنەیی خواوەندی دایک لە کوردستانی باشور، سەردەمی چەرمو ( چەرمو)
(Morales,1983, fig.158.1.b)

پەیکەرێکی گڵێنەیی ژن لە گردی سەراو (تبه سراب) دۆزراوەتەوە، ئەم گردە دەکەوێتە دووری ٧کم باکووری ڕۆژهەڵاتی کرماشـــان لە کوردســـتانی ڕۆژهەڵات، وێنەی ژمارە (١١) ، مێژووی ئەم پەیکەرە دەگەڕێتەوە بۆ بۆ ماوەی نێوان (٦٠٠٦-٥٦٩٥) پ.ز (سـورباخی،٢٠١٣، ل.١٩٢، ١٩٥)، پەیکەرەکە برتییە لە ژنێک دانیشـتووە، سـەروو دەم وچاوی ڕوون نیە بە جۆرێک دەردەکەوێت کە ملێکی درێژی هەیە، شـانەکانی دیار نییە، سـنگ (مەمکەکان) لکاوە بە ملیەوە، دەسـتەکانیشـی ڕوون نیە، بەڵام پێدەچێت خستبێتیە نێوان سـک و سنگی، سـکی بە گەورەیی دروستکراوە شۆڕبۆتەوە بۆسـەر ڕانەکانی وەک ئەوەی دووگیان بێت، ڕانەکانی بە شێوەیەکی ئەستور و هەڵئاوساو دروستکراوە و لە کۆتایی قاچەکانیدا باریک دەبێتەوە.

ئەم پەیکەرە هاوشێوەی پەیکەرەگڵێنەییەکانی چەرمووە، بەڵام بە شێوەیەکی سادەتر دروستکراوە، بە بڕوای ئێمە خواوەندی دایکە.



وێنەی ژمارە (١١)

پەیکەری گڵێنەیی خواوەندی دایک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات،(٦٠٠٦-٥٦٩٥) پ.ز (سەراو)

(سورباخی،٢٠١٣، ل. ١٩٥)


چوخەمامی نزیک مەندەلی (oates, 1968, p.1)یەکێکی ترە لە و شوێنانەی پەیکەری ژنی تیادا دۆزراوەتەوە، پەیکەرەکان بە گشـتی سـەریان نەماوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەیکەرەکان بەشـێوەی پارچە پارچە دروسـتکراون، بە پێوە وەسـتاون دەستیان خستۆتە سەر کەمەریان شان و دەست و سنگیان بۆ کراوە، هەندێک لە پەیکەرەکان بۆیاخکراون، زیادەڕەوی کراوە لە دروسـتکردنی قاچەکاندا بە شـێوەیەکی ئەسـتورتر قەڵەوتر بەجیا دروسـتکراون دواتر لکێندراوون بە لاشـەکەوە، ئەم پەیکەرانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سامەڕا (٥٥٠٠-٤٩٠٠)پ.ز. وێنەی (١٢)(Oates,1969 ,p.128).



وێنەی (١٢)
پەیکەری گڵێنەیینی ژن لە کوردستانی باشور، سەردەمی سامەڕا( چوخەمامی)


(Oates,Jone, 1969 , Plate XXVIII)

هەر لە چۆخەمامی پەیکەرێکی تر دۆزراوەتەوە، بە هەمان شـــێوە ســـەری نیە شـــکاوە، ملوانکەیەکی لە ملدایە لە بەرد دروستکراو و لە پشتەوە بە پەتێک بەستراوە، جلێکی لەبەردایە لە پێستی پڵنگ ئەچێت، شان و سنگی بۆ کراوە دەستی لەسەر ســکی داناوە بە پێوە وەســتاوە بەڵام قاچەکانی شــکاوە وێنەی (١٣)(Oates,1967-1968,p.128)، بە ســەیکردنی شــێوازی دروســتکردنی پەیکەرەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم پەیکەرانە بۆ جوانی دروســتکراوون هونەرمەندەکە زیاتر گرنگی داوە بە شــێوازی دەرەوەی پەیکەرەکان و ڕەنگکردنیان، هەروەها دەرخســتنی کەرەســتەجوانکاریەکان کە بەکارهاتووە وەک ملوانکە.



وێنەی (١٣)
پەیکەری گڵێنەینی ژن لە کوردستانی باشور، سەردەمی سامەڕا ( چوخەمامی)
(Oates,Jone, 1969 , Plate XXVIII)

لە گردی ام الدباغیة لە باشوری ڕۆژئاوای شاری موصل لە دوری نزیکەی ٢٥کم قەزای حضر (حازم، ٢٠٢١، ص١٧٥) سێ پەیکەری ژن دۆزراوەتەوە بەداخەوە هەموویان شکاون،(لێرەدا تەنها باسی یەکێکیان دەکەین) وێنەی ژمارە (١٤) پەیکەری ژنێکە لە گڵێنە دروستکراوە، سەر و دەستەکانی نەماوە شکاوە سنگی بۆ دروستکراوە، پێدەچێت پانتۆڵێکی درێژی لە پێدا بێت کە تا پەنجەکانی پێی هاتووە، لە پشـــتەوە لە ئاســـتی ســـمتی چاڵێکی قوڵ هەیە شـــوێنی چوارچێوەیەک یان کورســـیەک بووە پەیکەرەکەی لەسەری دانراوە، ئەم پەیکەرە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حەلەف (٤٩٠٠-٤٥٠٠)پ.ز.(Kirkbride, 1972, p.8)



وێنەی (١٤)
پەیکەری ژن لە کوردستانی باشور،سەردەمی حەلەف (ام الدباغیة)
(Kirkbride, 1972 , plate.VIII)

**دەرئەنجام**

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە پێی گەیشتووین بریتیە لە:

1- سەرەتای دەرکەوتنی پەیکەری ژن لە کوردستانی کۆندا دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازی (ب) (P.P.N.B).

2- پەیکەری ژن بۆ یەکەمجار لە ناوچەکانی باکور و ڕۆژئاوای کوردستان دەرکەوت بە تایبەتی لە ناوچەکانی نیڤالی چۆری لە کوردستانی باکور و گردی مریبط لە کوردستانی ڕۆژئاوا.

3- پەیکەرەکانی چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازی (ب) (P.P.N.B) لە بەرد دروستکراوون، دوای ئەوەی مرۆڤ فێری گڵێنەسازی بوو لە چاخی بەردینی نوێی گڵێنەسازی (P.N) هاوشانی پەیکەرە بەردینەکان پەیکەری گڵێنەیی دەرکەوت کە لە گڵێنە دروستیان کردووە و سوریان کردۆتەوە.

4- سەرەتا پەیکەرەکان لە شێوەی پیتی (T) ئینگلیزی دروستکراون، یان بەشێک بوون لە پایەی بیناکان بە تایبەتی پەیکەرەکانی باکوری کوردستان، لە پاڵ ئەوەی ئەم پەیکەرانە وەک بەشێک لە بیناکان بۆ هەڵگرتنی سەقفی بیناکان بەکارهاتووە، لە هەمانکاتدا بۆ جوانیش بووە .

5- هەندێک لە پەیکەرەکان بە شێوەیەکی قەڵە و دروستکراوون بە تایبەت دوای دۆزینەوەی کشتوکاڵ لە چاخی بەردینی نوێی گڵێنەسازی (P.N)، مرۆڤەکانی ئەم پەیکەرانەیان دروست دەکرد وەک خواوەندی دایک سەیریان دەکرد و ئەیانپەرست و قوربانیان بۆ ئەکرد لە ڕوانگەی ئەوەی ژن سەرچاوەی زۆربوونە، وابیریان کردۆتەوە ئەگەر ئەم پەیکەرانە بپەرستن بەروبومی کشتوکاڵیان زیاد دەکات و زەوی و زارەکەیان بە پیت و فەڕ ئەبێت.

6- بە پێی شێوازەکانی دەرکەوتنیان ئەگەینە ئەوەی کە هەندێک لە پەیکەرەکان تەنها بۆ مەبەستی سێکسی دروستکراون، هەندێکیشیان وەک بوکەڵە بۆ یاری منداڵان دروستکراون.

7- لەسەرەتادا پەیکەرەکان بێپۆشاک بوو گرنگی زۆردراوە بەدەرخستنی لایەنی مێینە، بەڵام لەسەردەمانی دواتر بە تایبەتی لە سەردەمی سامەڕا وحەلەف بەشێکی پەیکەرەکان بە پۆشاکەوە دروست دەکران.

**لیستی سەرچاوە کوردی و عەرەبیەکان**

1. احمد، جمال رشید (٢٠٠٥)، ظهور الکورد فی التاریخ درسة شاملة عن خلفیة الامة الکردیة و مهدها، الجزء الثانی، دار آراس، اربیل.

2. ئەمین، نەبەز مەجید(2002)، رەوشـی ژیانی مرۆڤی کۆن لە کوردستاندا، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە 19، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی.
3. الجادر، ولید (١٩٨٥)، النحت فی فی عصر فجر السلالات، حضارة العراق، الجزء الرابع، بغداد.
4. حازم، حسین یوسف(2021)، اهمیه الحبوب المتفحمة فی مواقع الحفریات الآثریة فی عصور ما قبل التاریخ دراسه تحلیلیة ، مجلة آثار الرافدین، ج ١، مجلد ٦، دار الکتب والوثائق ببغداد.
5. درویش، نضـال محمود حاج(2014)، من وآ شـشـوکانی إلی رأس العین (لمحة تاریخیة عن موقع تل فخیریة و أهیم مکتشفاته الأثریة) ، مجله ژین، العدد 6، السنةالسادسة، بنکەی ژین، کانون الاول، سلێمانی .
6. درویش، نضـال محمود حاج،(2015)، تماثیل و ألواح العصـر الحجری الحدیث ماقبل الفخار (النیولیت) فی بلاد الرافدین العلیا (10200-6800 ق.م) ، مجلة ژین، العدد 7، السنةالسابعة، بنکەی ژین، کانون الاول، سلێمانی.
7. زاموا، دڵشاد عزیز (٢٠٠٨)، دۆزینەوەی وێنەی سەربەرد (Rock Art) و ئەشکەوتی کەورە گەورە لە گوندی ئەحمد برندە، سوبارتو، ژمارە ٢، ساڵی دووەم.
8. کوفـان, جـاك (1999), الالوهیـة و الزراعـة ثورةالرموز فی العصـر النیولیتی, ترجمه: موسـی دیب الخوری, وزارةالثقافه,دمشق.
9. سورخابی، عوبەید، مێژووی شوێنەوارناسیی رۆژهەڵاتی کوردستان، چاپخانەی پیرەمێرد-٢٠١٣.
10. کوفان, ماری کلیر و دانیل ستردور,( 2017) المریبط (الرقه), تاریخ سوریة فی مئة موقع أثری, ترجمه:یوسف کنجو.
11. علی، محمد عبداللطیف محمد(١٩٧٧)، تایخ العراق القدیم حتی نهایة الالف الثالث ق.م، الاسکندریة.
12. محمد, پخشـان عبدالله(١٩٩٩), چرمو من المستوطنات الاولی فی کردستان, مجلة هەزارمیرد، العدد 9، السنة الثالثة، مطبعة وزارة الثقافة، سلێمانی.
13. یوسف، عبدالرقیب (2004)،کردستان مصدر للاستیطان والحضارة وادی الرافدین، گۆڤاری هەزارمێرد ، ژمارە 19، ساڵی حەوتەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی.

لیستی سەرچاوە بیانیەکان

1- Agelarakis, A.P (2021), The Proto-Neolithic People of Zawi Chemi Village and Shanidar Cave in the Western Zagros Highlands: Adaptations, Innovations, and the Advent of Neolithic Revolution, Sumer, V. 67.

2- Hansen, S., Kleinkunst und Grop plastik(2007), Menschendarstellungen von Vorderasien-Anatolien bis in den Donauraum. In: Vor 12000 Jahren in Anatolien, Die ältesten Monumente der Menschheit, Badischen Landesmuseum Karlsruhe.

3- Hauptmann, Haral (2000), Frühneolithische Kultbilder in der Kommagene, GottkÖnige am euphrat, Jörg Wagner (Hrsg.) Neue Ausgrabungen und Forschungen in Kommagene, Verlag Philipp von Zabern, Mainz.

4- Hauptmann, H and Schmidt, K. (2007), Anatolien vor12000 Jahren, Die Skulpturen des Frühneolithikums.In: Vor 12000 Gahren inAnantolien, Die ältesten Monumente der Menschheit, Badischen Lande smuseum Karlsruhe .

5- Hauptmann, H (2012), Frühneolithische Kultbilder in der Kommagene, gottkŐnige am euphratneue Ausgrabungen und Forschungen in Kommagene, Nationalbibliothek Publikation in der Deutschen.

6- Hodder, Ian and Lynn Meskell(2011), A “Curious and Sometimes a Trifle Macabre Artistry” Some Aspects of Symbolism in Neolithic Turkey, Current Anthropology Volume 52, Number 2, April.

7- Morales, Vivian broman (1983) , Jarmo figurines and other clay objects, prehistoric Archaeology along the zagros flanks, vol.105, university of Chicago, united states America.

8- Neuhof, Bernd Müller (2007), Anthropomorphic Statuettes from Tell Fakhariyah: Arguments for Their Possible PPNB Origin, Neo-Lithics, Deutsches Archäologisches Institut.

9- Oates, Joan(1969), Choga Mami, 1967-68: A Preliminary Report Iraq, Vol. 31, No. 2, British Institute for the Study of Iraq, Autumn.

10- Oates, Joan, Prehistoric Investigations near Mandali, Iraq, Iraq, Vol. 30, No. 1, British Institute for the Study of Iraq, (Spring, 1968).

11- özkaya, Vecihi und Oya San(2007), Körtik tepe, Vor12000 Jahren in AnatolienL Die ltestenMonumente der Menschheit .

12- Katalog, , Vor12000 Jahren in AnatolienL Die ltestenMonumente der Menschheit -2007.

13- Schmidt, Klaus (2010), Göbekli Tepe – the Stone Age Sanctuaries.New results of ongoing excavations with a special focuson sculptures and high reliefs, Documenta Praehistorica XXXVII.